# چاوپێکەوتنی خالید عەزیزی لەگەڵ "جان بوڵتۆن"، "سام براونباک" و شاندێکی ئۆکڕاینی







خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێوکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ چەند کۆبوونەوەیەکی سیاسی سەردانی ئەمریکای کردووە، لە واشنگتۆن لەگەڵ "جان بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و سەرۆکی دامەزراوەی ئەمریکا بۆ ئاسایش و ئازادی؛ "سام براونباک"، دامەزرێنەر و سەرۆکی لووتکەی نێونەتەوەیی ئازادیی ئایین؛ و شاندێکی ئۆکڕاینی کەوت.

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە واشنگتۆن لەگەڵ "سام براونباک"، دامەزرێنەر و سەرۆکی لووتکەی نێونەتەوەیی ئازادیی ئایین، کۆ ببۆوە. لەو دیدارەدا خالید عەزیزی باسی لە هەوڵەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی عێراق و ناوچەکە کرد و لەم پێوەندییەدا داوای لە براونباک کرد کە توانا و دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێت تاکوو باشتر پێشلێکارییەکانی ئێران لە بواری مافی مرۆڤ بە گشتی و سەرکوتی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەقاو بدرێت. لەو دیدارەدا سەرۆکی لووتکەی نێونەتەوەیی ئازادیی ئایین ڕایگەیاند شۆڕشی ژینا دەرخەری ویستی ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە ئێرانە و پێویستە جیهان پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دادپەروەری بکات.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیدارێکی دیکەدا لە واشنگتۆن لەگەڵ شاندێکی وڵاتی ئۆکراین کە لە بوارەکانی لابیکردن بۆ ئۆکراین، کۆکردنەوەی یارمەتی و پاکردنەوەی مین لە ئۆکراین چالاکن، کۆ بۆوە.

خالید عەزیزی لەو کۆبوونەوەیەدا باسی لە پێویستیی پشتیوانیی خەڵکی هەر دوو وڵات لە یەکتر کرد و خۆڕاگریی ئۆکرایینییەکانی بۆ بەرگری لە ماف و خاک و وڵاتەکەیان بەرز نرخاند و هیوای خواست بە سەرکەوتنی ئەوان خەڵکی ئێران و کوردستان بتوانن بە پشتیوانیی نێونەتەوەیی، بەسەر کۆماری ئیسلامیدا زاڵ بن. شاندی ئۆکراین لەو دیدارەدا سپاسی سۆز و پشتیوانیی خەڵکی کوردستانیان لە خۆڕاگریی خەڵکی ئۆکراین کرد و سیاسەتەکانی ئێران لە بواری پەرپێدان بە تێرۆریزم و ناردنی درۆن بۆ ڕووسیە لە دژی خەڵکی ئۆکراینیان بە هۆکاری درێژەکێشانی شەڕ و ناسەقامگیریی زیاتری ناوچەکە ناو برد.

خالید عەزیزی لە دیدارێکی دیکەدا لە واشنگتۆن چاوی بە "جان بولتۆن"، ڕاوێژکاری پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کەوت. لەو دیدارەدا شاندەکە دوایین هەلومەرجی کوردستان، ئێران و ناوچەکە هاتنە بەر باس و وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەبارەی زێدەخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش بە جان بولتۆن کرد. بەڕێزیان هەروەها باسی لە بەردەوامیی پلان و پیلانەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مووشەکبارانی بنکە مەدەنییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کرد و داوای لە "جان بولتۆن کرد کە توانا و دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێت تاکوو باشتر نێوەڕۆکی شەڕئەنگێزانەی ئێران لەقاو بدرێت و پێش بە سەرەڕۆییەکانی بگیردرێت.

لەو دیدارەدا جان بۆڵتۆن، سەرۆکی دامەزراوەی ئەمریکا بۆ ئاسایش و ئازادی بەتوندی ڕەخنەی لە لاوازیی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران گرت و گوتی شۆڕشی ژینا دەرخەری ویستی ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە ئێرانە و پێویستە جیهان پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دادپەروەری بکات. هەروەها پێشنیاریشی کرد کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پەلە بکەن لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەک لەدژی کۆماری ئیسلامی.

## ناوەندی هاوکاری:

# مامۆستایانی ئایینیی بەندکراو تێچووی ئازادیخوازی و پشتگرتنی خەڵکی خۆیانە دەیدەن

ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ڕابردوودا و لە بەردەوامیی ڕەشبگیری چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پتر بە ئامانجی کپکردنی شۆڕشی ژینا و سەرکوتی ئاخێزی نوێ و بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، هەزاران کەسیان لە کوردستان دەسبەسەر کردووە کە دەیان کەس لەوان مامۆستایانی ئایینی لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستانن. بەشێکی زۆر لە مامۆستا دەسبەسەرکراوەکان لە بێدادگاکانی شۆڕش و هەروەها دادگاکانی تایبەت بە مامۆستایانی ئایینیدا پاش جەزرەبە و ئەشکەنجەدان سزای لێدانی قامچی، زیندان، دوورخرانەوە و بێبەریکردن لە مافی مەلایەتییان بەسەردا سەپاوە کە لە ڕاستیدا تاوانی ئەوان تەنیا پشتگرتنی ڕاستییەکان و پشتیوانی لە ویست و داوا ڕەوا و بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان و نارەزایەتیدەربڕین لە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە سەرکوت و داپڵۆسینی خەڵک بووە.

لەگەڵ شەپۆلی بەردەوامی ئەو گرتنانە ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی ڕێبەندان مامۆستا مەلا یۆسف محەممەدی، پێشنوێژی ئاوایی کەلاتێ لە ناوچەی کەلاتەرزانی سنە کە چەند ڕۆژ پێشتر خۆی و ماڵەکەیان ئاگر دابوو، بەهۆی سەختیی برینەکانی گیانی لەدەست دا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران گرتن و حوکمدانی مامۆستایانی ئایینی و گوشاری ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ زیاتری ناوەندە ئەمنییەتییەکان لەسەر توێژی مامۆستایانی ئایینیی کوردستان مەحکووم دەکا و ناوەندە حکوومەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسیاری کوژرانی مامۆستا مەلا یۆسف و ئەو جینایەتە دەزانێت. مێژووی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەمووانی سەلماندووە کە سیاسەتی گرتن و ئێعدام، قەڵتوبڕ و کوشتار و جینایەتە سیستماتیکەکانی ڕێژیم چۆکی بە ئیرادە و خەبات و مافخوازیی گەلی کورد دانەداوە و بەدڵنیاییەوە خەڵکی کوردستانیش ڕۆڵە خەباتگێڕەکان و مامۆستایانی ئایینیی بەندکراوی خۆیان کە لەسۆنگەی ئازادیخوازی، دەروەستی و داکۆکی لە مافی گەلەکەیانەوە گیراون و خراونەتە بەندیخانەوە؛ لەبیر ناکەن و وەک چۆن ئەو ڕۆڵە بەندکراوانەی نەتەوەکەمان لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەدا دەنگ و ئیرادەی خەڵک بوون و هەن، خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤیش دەنگی ئەوان دەبن و وەک ئەرکێکی نیشتمانی و خەباتگێڕی بەهاواریانەوە دەچن.

**ناوندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١١ی ڕێبەندانی ١٤٠١**

## شکۆمەندیی کۆمار و بەردەوامیی شانازیی نەتەوەیەک

# (بەڕێوەچوونی یاد و ڕێوڕەسمەکانی ٧٧ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەرەوەی وڵات)

**لە حەفتاوحەوت ساڵەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کۆمەڵێک سیمینار، کۆڕیاد، ڕێوڕەسم و وێبینارییان پێکهێنا.**

### سویس

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی ڕێبەندان بە بەشداریی نوێنەرانی هێز و لایەنە کوردستانی و ئێرانییەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و کوردانی دانیشتووی سویس، سیمینارێکی سیاسی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی بەڕێوە چوو.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسەکەی خۆی بە یادکردنەوەی کۆماری کوردستان دەست پێ کرد و باسی لە ئەزموونی ئەو کۆمارە کرد کە بە شێوەیەکی تۆکمە و بەرنامە بۆ داڕێژراو، ٧٧ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن حیزبی دێموکرات و شەخسی پێشەوا قازی محەممەد ڕاگەیەندرابوو. بەڕێزیان گوتی هەر لەژێر ڕووناکایی ئەو ئەزموونەدا کار دەکەین بۆ ڕێکخستن و هاوکاری لەگەڵ دامەزراو و ڕێکخراوە کوردستانی و ئیرانییەکان بۆ درێژەدانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت لە شۆڕشی نوێی گەلانی ئێراندا.

کاک خالید عەزیزی لە باسەکەیدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەبێ لە ئێراندا سیستمێکی دیسانتریالیزە جێگیر بکرێت و دەسەڵاتێک بنیاد بنرێتەوە کە هەموو نەتەوە و لایەنەکان بە بیر و بۆچوونی جیاواز بە مافەکانی خۆیان بگەن کە لە غەیری ئەوەدا هیچ سیستمێک خۆ ناگرێت و خەبات و تیکۆشانی ئێمە بەردەوام دەبێت تا دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد. ئێمە نامانهەوێت بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا لە ئێرانی داهاتوو، مافی گەلی ئێمە پێشێل بکرێتەوە کە بە دڵنیاییەوە دیکتاتۆری بەرهەم دێنێتەوە.

### وێبیناری هاوبەشی کۆمیتەکانی بریتانیا و فەڕانسە

ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی ڕێبەندان کۆمیتەکانی بریتانیا و فەرانسە بە هاوبەشی وێبینارێکیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی "زووم" بۆ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنا.

کاک کەماڵ کەریمی لە باسەکەیدا سەرەتا ئاماژەیەکی کورتی بە زۆربەی ڕاپەرینەکانی پێش کۆمار کرد کە هیچ کامیان نەیانتوانی سەرهەڵدانێکی سەرتاسەری و گشتگیر بن، بەڵام کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر توانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و حکوومەتێکی پێشکەوتوو پێک بێنێت کە تا ئێستاشی لەگەل بێت کورد شتی وای بە خۆیەوە نەدیوە.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە دەور و نەخشی کۆمار لە بواری پەروردە و لاوان و هەروەها گرینگیدان بە کەسایەتیی ژنان و کۆکردنەوەیان لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و بەشداری پێ کردنیان لە کاری سیاسیدا کرد.

### دانمارک

کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە دانمارک ڕۆژی شەممە ١ی ڕێبەندان سیمینارێکی بۆ کاک کاوە ئاهەنگەری، شرۆڤەکاری سیاسی پێک هێنا.

لەو سیمینارەدا سەرەتا پەیامی کۆمیتەی حیزب لەلایەن کاک حوسێن مەحموودی، جێگری بەرپرسی کۆمیتە و بەرپرسی گشتیی تەشکیلاتی کۆمیتەی دانمارک پێشکەش کرا. دواتر کاک کاوە ئاهەنگەری باسێکی لەژێر ناوی "داهاتووی ڕۆژهەڵات لە ژئۆپۆلیتیکی زاگروسدا" پێشکێش کرد. بەڕێزیان سەرەتا ئاماژەی بە ژئۆپۆلیتیک و داهێنان و ئامانج و کارکردەکانی ئەم چەمکە کرد و دواتر هاتە سەر باسی زەروورەتی پێکهاتنی "یەکیەتیی خاک و گەل" بە لەبەرچاوگرتنی ژئۆپۆلیتیکی زاگرۆس.

جێی باسە ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی ڕێبەندانیش کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری "ئالبۆرگ"یش هەر بەو بۆنەیە سیمینارێکی بۆ بەڕێزیان پێکهێنا.

### ئۆتریش

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی ڕێبەندان لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئۆتریشەوە ڕێوڕەسمێک وەڕێ خرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا وتارت حیزب لەلایەن دوکتور جەزا ساڵحی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە پێشکەش کرا. بەڕێزیان باسەکەی بە ئاماژەیەک بە بستێنە مێژوویی و سیاسییەکانی دامەزرانی کۆمار دەست پێ کرد و لە درێژەی باسەکەیدا هاتە سەر کەمایەسی و دەسکەوتەکانی تا ئێستای شۆڕشی ژینا.

### ڕووسیە، قرقیزستان، گورجستان

ڕۆژی دووشەممە، ٣ی ڕێبەندان بۆ ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان چەند ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوون.

لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە شاری "ستاڤراپۆل"ی وڵاتی ڕووسیە پێک هات، کاک "مەمێ مامۆ" بەرپرسی ڕەوەندی کوردستانی لە وڵاتانی سۆڤییەتی پێشوو و ئاسیا، وتارێکی خوێندەوە.

هەروەها لە وڵاتی قرقیزستان لە شاری "بیشکێک" کۆمەڵێک ڕووناکبیری کورد بە کۆبوونەوەی تایبەت یادی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت و شێخ ڕەمەزان، سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی کورد لە سۆڤییەتی پێشوو چەند وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

لە وڵاتی گورجستان لە شاری "تفلیس"یش کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و نووسەرانی کورد هەر بەو بۆنەیەوە سیمینارێکیان ڕێک خست و کاک "هەژاری شامێ" و خاتوو "بلا ستوورکی" و کاک "زازا کەلەشۆڤ" بۆ بەشداربووان قسەیان کرد. لەو سیمینارەدا کاک محەممەدساڵح قادری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێر بە ڤیدیۆ وتارێکی بەبۆنەی ساڵیادی کۆماری کوردستانەوە پێشکەش کرد.

### فینلاند

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان لەلایەن کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فەنلاند، سیمینارێک لە شاری "هێلسینکی" بۆ دوکتور کوێستان گادانی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات پێکهێنا.

لە سەرەتای سمینارەکەدا هونەرمەند ڕەشید فەیزینژاد، سروودێکی تایبەت بە یادی شەهیدانی کوردستان و شۆڕشی ژینای پێشکەش کرد و دواتر د. کوێستان گادانی، مامۆستای زانکۆ لە وڵاتی نۆروێژ و بەرپرسی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، لە باسێکی سەرنجڕاکێشدا ئاوڕی لە دەسکەوتەکانی کۆمار دایەوە و بە قۆناغێکی گرینگ و پڕبایەخ لە مێژووی مافخوازانەی نەتەوەکەمانی زانی و ئێستاش لە ماوەی نزیک بە ٤ مانگ شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کورستاندا، ئەو بایەخە دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەیە لە دروشم و داواکاریی خەڵکی ڕاپەڕیوی کورددا ڕوون و بەرچاون.

### ڕۆژاوای کوردستان

یەکیەتیی نووسەرانی کوردستانی سووریە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لە هۆڵی "پارتی یەکیەتیی کوردستان" لە شاری قامیشلۆ، سیمینارێکیان بۆ ڕێزگرتن لە یادوبیرەوەریی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد.

لەو سیمینارەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەک کەسایەتی، سیاسەتمەدار، نووسەر و ڕووناکبیر بەڕێوە چوو، مێژوونووس "فارس عوسمان" باسێکی تیروتەسەلی لەبارەی کۆماری کوردستان پێشکێش کرد کە بە ڕا و بۆچوونی بەشداربووان دەوڵەمەندتر کرا.

### ئاڵمان

کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی "نۆرنبێرگ" و "شتودگارد" بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان سیمینارێکیان لە دوو پانێلدا بۆ کاک خالید حەسەنپوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و کاک مامەند ڕۆژە، کەسایەتیی ئاکادیمیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خاتوو نەهیە خۆشکەلام، چالاکی مافی ژنان، بەڕێوە برد.

لە بەشی یەکەمی پانێلی یەکەم کاک خالید حەسەنپوور باسێکی لەژێر ناوی "کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات، دووانەیەکی لێکدانەبڕاو" پێشکێش کرد و بە سەرنجدان بە دۆخی هەنووکەیی شۆڕشی ژینا ئەو ئاکامگیرییەی لە باسەکەی کرد کە هزری کۆماری کوردستان لە ماوەی نیزیک بە ٨ دەیە لەنێوان نەسڵەکانی دوای کۆماری کوردستان، وەک بەرزترین ئاستی شعووری سیاسی بەردەوام بووە.

لە تەوەرێکی دیکەدا مامەند ڕۆژە، کەسایەتیی کورد و ئاکادیمیست، باسێکی لەژێر ناوی "کۆماری کوردستان و ڕەهەندە ستراتژییەکانی" پێشکێش کرد و سێ فاکتەری ستراتژیکی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەویی کاریگەر لەسەر کۆماری بەوردی شی کردەوە.

پانێلی دووهەمی سیمینارەکە تایبەت بوو بە باسێک کە خاتوو نەهیە خۆشکەلام، چالاکی مافی ژنان لەژێر ناوی "هەڵسەنگاندنێک بۆ شۆڕشێک لە جنسی شۆڕشی ژینا" پێشکێشی کرد.

هەروەها ڕۆژی شەمە ١ی ڕێبەندان ناوەندی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاڵمان سیمینارێکی پێک هێنا کە تێیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە دۆخی دامەزرانی کۆمار و ڕۆڵی پێشەوا قازی لە دروستکردنی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییە، ئاماژە بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەی ژینا کرا کە تێیدا خواستی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ژنانی کورد وەک بەشێک لە ئامانجەکانی کۆماری کورستان ڕەنگدانەوەی هەبووە. مەسعوود تەک، کەسایەتیی سیاسی و سکرتێری پێشووی پارتی سۆسیالیستی کوردستان، شەهریار نەقشبەندی، نوێنەری کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان، گۆمان حوسێن، نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردی لە سووریە، شەماڵ پیران، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادی کوردستان باسە سیاسییەکانی خۆیان پێشکێش کرد.

### سوید

ڕۆژی شەممە، ٨ی ڕێبەندان لە شاری ستۆکهۆڵم بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە نوێنەرانی هێزە سیاسییەکان و بە بەشداریی پارلمانتارانی سویدی سیمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو سیمینارەدا سەرەتا پەیامی کۆمیتەی سوید لەلایەن ئەبووبەکر ڕەحمانی، جێگری بەرپرسی کۆمیتەی سویدەوە خوێندرایەوە و دواتر دوکتور کوێستان گادانی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، باسێکی ورد و زانستییانەی سەبارەت بە کۆماری کوردستان و نەخش و ڕۆڵی ژنان لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و گرێدانەوەی شۆڕشی ژینا بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد.

لە پانێلی دووهەمی سمینارەکەدا دوکتور ئیدریس ئەحمەدی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و ماموستای زانکۆ، سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسیی ئێران و کوردستان و شرۆڤەی سەرهەڵدان و شۆڕشی ژینا بۆ بەشداربووان قسەی کرد. لە درێژەی سیمینارەکەدا "فرێدریک ماڵم" دۆستی دۆزی کورد و پارلمانتاری حیزبی لیبراڵی سوید بۆ بەشداربووان دوا.

